# لەیادی رۆژنامەگەری کوردی دا

**ئەحمەد محەممەد ئابلاخی***

خۆمان ئێمەی رۆژنامەنووس لەهەموو کەس زمانمان درێژترەو لەهەموو کەسیش دەستمان کورتترە، هەموو ساڵێك لەم یادەدا کەڕۆژێکی زێرینە نەك هەر لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا بەڵکو لەمێژووی کۆنو نوێی میللەتەکەشماندا کەچی هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ یەکی بەچەند دێڕێك هەستی خۆمان دەرئەبڕینو سەیرەکەش لەوەدایە خۆمان پیرۆزبایی لەخۆمان ئەکەین نەك گەورە دەسەڵاتدارەکانو حکومەتو حیزب، خۆ هیچ نەبێ بەشێکی زۆرمان شایەری ئەوانو بەشانو باڵی خۆیانو دەسکەوتەکانیاندا بەهەقو ناهەق هەڵئەدەین. زۆر سەیرە رۆژنامەگەری ئەرکێکی گەورەو بەشێکی گەورەشە لەژیانی ئابووریو شارستانیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو دوای ئەو هەموو گەڕانو راکەڕاکەو ماندووبوونە کەس هەستی ئەوەی نەبێت پێت بڵێ ماندوو نەبی! قەیناکە ئەمجارەش بەخۆمان ئەڵێین پیرۆزبێت ئەم یادە، بەڵام لەخۆمان نەك لەمێژووی گەلەکەمانو نەك لەحیزبو حکومەتەکەمان، کەئەرکیان ئەوەبوو لەم رۆژەدا چەندین خەڵاتو مژدەو دەسکەوت بخەنە بەردەمی رۆژنامەنووسان وەك دیارییەك بۆ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەنو بزانن ئەو ئەرکە رۆشنبیریو مێژووییەی ئەوان جێبەجێیان کردووە خوێندراوەتەوەو لەبەرچاوگیراوە، بەڵام ئەمەشیان هەر شوێنی گلەیی نییە لەحکومەتێکی کەڕو کوێر، حکومەتێك کەبەرپرسەکانی یەك رۆژنامە نەخوێننەوەو شەو چەرەیان ماوەیان نەدا سەیری یەك کەناڵی تەلەفزیۆن بکەنو گوێ لەیەك رادیۆ بگرن ئایا ئەمە حکومەتێکی کەڕو کوێرە یان نا، ئیتر چاوەڕوانی چی لێبکرێت.

بەڕێزان: باواز لەوان بهێنینو رووبکەینە سەندیکا خنجیلانەکەی خۆمانو لەم رۆژەدا وێڕای پیرۆزبایی ئەم یادە داوای هەوڵو خەباتی زیاتریان لێ بکەینو من لێرەدا هەندێك پێشنیاریان ئەخەمە بەردەستو هیوادارم ئەمانەش بخەنە پرۆگرامی کاری خۆیانەوە:

١. خۆزگە هەڵەساو داوای بەخشینی مۆڵەتی رۆژنامەو گۆڤاری بۆ ئەکرا مۆڵەتی نەئەدرایەو بەڕاستی ئەمە شێواندنی دیموکراسیەتەو ئەوەندە گۆڤارو رۆژنامەمان زۆربووە بەئاسانی بەسەر ناکرێنەوە.

٢. گلەیی لەوە نییە کەڕۆژنامەنووسان زۆربوون، بەڵام خۆزیا بوون بەئەندامو بەتایبەتی ئەندامی کارا ئەوەندە ئاسان نەئەبوو، خۆ هەویەی رۆژنامەنووسانی جیهانی ئەوەندە زۆرەو لەباخەڵی هەموو کۆلکە رۆژنامەنووسێکدایە کەهی ئەوە نەماوە ئیتر شانازی پێوە بکرێت، خۆزگە چاوێکیان بەم لایەنەشدا ئەخشاندەوە.

٣. وەك عورفێکی رۆژنامەنووسیی مافی هەر نووسەرو رۆژنامەنووسێکە کەبەناوی خوازراوەوە بڵاوبکاتەوە، بەڵام بەمەرجێ ناوەڕاستییەکەی لای ستافی رۆژنامەکە هەبێت‌و گەرەنتی پاراستن‌و ئاشکرا نەکردنی بدەن، دەنا ئاسانە هەموو کەس خەڵکی لەکەدار بکات هەر کەسێ کەئەوێت‌و بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی هەبێت کەئەمەش مێژووی ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیمان لەکردار ئەکات، بۆیە دەخوازم سەندیکای رۆژنامەنووسان خاڵێکی پابەندبوون بۆ رۆژنامەکان لەم رووەوە دابنێن.

٤. خۆزگە هەوڵی زیاتریان ئەدا بۆ خۆشگوزەرانی رۆژنامەنووسان.

٥. بڕیاربوو پارێزەریان هەبێت بۆ داکۆکی کردن لەڕۆژنامەنووسان، خۆزیا ئەو پارێزەرانەت ئەکتیف تر ئەبوون، بۆ بەرگری کردن لەو رۆژنامەنووسانەی لەلایەن حکومەتەوە لێیان ئەپێچرێتەوە.

دووبارە پیرۆزبایی لەخۆمان ئەکەم بەبۆنەی یادی ١٠٩ ساڵەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیەوە.

*سەرنوسەری رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی